# دەستوور و بەرگە نوێ یەکەی پاشا

حەمەرەشی هەرەس ___ کانادا
hemereshid@hotmail.com

لە مێژە دەمهەوێ ئەم دەستوورە دەغەزارەی عیراقە دوابڕاوەکە، بۆ خوێنەرانی هێژا لەقاو بدەم و، منیش لەلای خۆمەوە دەنگی لێبکەم و، بەرەو کەندەلان ڕاوینێم. ئەوی ڕاستیبێت هەرچی جارێک دەستدەکەم بە نووسین دەلێم خۆ من هەموو نووسینەکانی برادەرانم نەخوێندۆتەوە، ئیتر بۆ شتێک بڵێم پێش من پەیی پێبرابێت و منیش دیسان بیجوومەوە، ئەی خۆ ئەگەر وەک هەڵۆیستیش بێت منیش دووسێ شەپازلەی لێ نەدەم مانای ئەوەیە خۆم بێهەڵۆیست دەبینم و لە کاروان تەریدەبم. جا لەبەر ئەو هۆیانە، من لێرەدا خۆم نادەم لە قەرەی تەتەڵەو شەنوکەو و بەباکردنی خاڵەکانی ناو دەستوورەکە. هەر ئەوەندە ئەلێم هەرکە لێپرسراوانی کورد بەشانوباڵی دەستوورەکەدا هەڵئەدەن، خێرا دەچمەوە سەری و دیسانەوە ئەیخوێنمەوە، ئەڵێم نەوەک خوێندەواریی یەکەم کۆڵبێت و باش تێنەگەم، بزانم بندێرێک، پەنای وشەیەک، سووچی ڕستەیەک، کورە تەنانەت وێرگولێکی بۆ کوردی هەناسەسارد تیایە؟!! نەخێر تڵپی تەڕی تیا شکنابەم لە کوێرەوەری بەولاوە. دەیسا ئەم لێپرسراوانەمان بۆ دەمانخڵەتێنن؟

ئەرێ بەرێزان ئێوە چیرۆکی بەرگەنوێ یەکەی پاشاتان بیستووە؟
باشە با ئەو بەرێزەی نەیبیستووە، بەیارمەتی ئەوەی بیستوویەتی من بە کورتی بۆیدەگێرمەوەچونکە بەزمی ئەم دەستوورە زۆر لەو چیرۆکەوە نزیکە:

دەڵێن دوو هاوڕێی زۆرزان بەدرۆ خۆیان لە پاشا دەکەن بە بەرگدروو، دێن بۆ کۆشکی پاشا دەڵێن بە دیاری قوماشێکمان بۆ هێناوە، بۆیدەکەین بە جلێکی نایاب و هاتووین بەبەریدا بیپێوین...... پاشا دەفەرموێت: بابێنە ژوورەوە، دوو زۆرزانەکە خۆیان دەکەن بە ژووردا و سەیردەکەن دیوەخانی پاشا لە وەزیرو پیاوماقوولان جمەیدێت، ئەمانیش نە قوماشیان پێیەو نە هیچ، لەپاشا نزیکدەبنەوە، دەڵێن: ئەم قوماشە نایابەمان بۆ هێناویت، ئەم قوماشە لەتەک

ئەوەی زۆر نایابە، تایبەتمەندییەکی سەیریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە گێل و نەفامەکان ئەم قوماشە نابینن، بە جوولانەوە وا دەنوێنن کە قوماشیان بە دەستەوەیەو نیشانی ناو دیوەخانەکەی پاشای دەدەن، ئەوانیش لە ترسی ئەوەی بەگێل و نەفام نەزانرێن، هەموویان بە پاشاشەوە: پەکو لەم قوماشە نایابەو هەموو لە ترسا خۆیان هەڵدەخڵەتێنن و بە شان و باڵی قوماشی نەبوودا هەڵدەدەن و هەریەکە بە جۆرێک ستایشی دەکات، دوو زۆرزانەکەش بسکەی سمێڵیان دێت و زیاتر سووردەبن لەسەر بوونی قوماشە نەبووەکەی دەستیان. دوای ئەوە پەیمان دەدەنە پاشا لە ماوەیەکی کورتا، بۆی بکەنە بەرگێکی نایاب. دوای ماوەکە بەهەمان شێوە دێنەوە دیوەخانی پاشاو بەدەستی بەتاڵەوە، دەڵێن فەرموو ئەمە بەرگە نوێ یەکەی پاشای مەزنمانە، پاشا دەبەنە دیوی حەرەم و ڕووت و قووتیدەکەنەوە، بەجوڵانەوە وا نیشان دەدەن ئەو بەرگە نایابەی دەکەنە بەر، پاشاش لەتاوا هەر دەڵێت: بەخوا بەرگێکی نایابەو، هەر بەرووتی دێتەوە ناو دیوەخانە پڕ وەزیرو پیاوماقوولەکان، ئەوانیش هەموو بەیەکجار پیرۆزبایی ئەو بەرگە نوێ یەی دەکەن و کەسێک لە( پەرلەمانەکەی) ناڵێت: بەرگی چی و تەڕەماشی چی. دوو زۆرزانەکە خەڵاتێکی چاک وەردەگرن و لەچاو بزر دەبن. پاشا لە خۆشی ئەم بەرگە نوێ یە، ڕەوتێکی باش بەناو شارو جەماوەرەکەیدا ئەکات و کەس ناوێرێت بڵێت: بەرگی چی و حاڵی چی، بۆ ئەوەی بە گێل و نەفام ناوی نەزڕێت . تا منداڵێکی چەتوون لەناو جەرگەی جەماوەرەکەوە هاواردەکات: خەڵکینە خۆ ئەوە پاشامان هیچی لەبەردا نییە، ئەوە بۆ وا بە ڕووتی بەلەسە بووە، نەخێر بەهۆی منداڵەکەوە یەکێکی تریش هەمان پرکێشی دەکات، ئەبن بەدوو بەسێ وردەوردە هەموو جەماوەرەکە هاواریان لێ هەڵدەستێت: ئەرێ وەڵڵا پاشا رووت و قووتەو هەرامەکەی بەلە بەلیەتی.

دە منیش وەک ئەو منداڵە چەتوونە، تاقەتی شرۆڤەو تاوتوێکردنی ئەو دەستوورەم نیەو دەڵێم: ئەری وەڵڵا دەستوورەفەنی کوردی رووت و قووتکردۆتەوەو، ئەگەر پێی قایلبین تاماوین پۆشتە نابینەوە.

ئیتر من کارم بەوەوە نییە لە پشت کەوالیسەکانەوە، چ بگرەو بەردەو شانۆگەریی یەک نمایش کراوەو، زلهێزەکان، بەتایبەتی ئەمەریکا چ فشارێکیان خستۆتە سەر کاک مەسعودو، چۆن ناچاریان کردووەو، چ پەیمانێکی ژێر بەژێرییان پێداوە،خۆ ئەگەر ئەویش بەو فشە مافە قایل نەبێت، ئەوا جەلال تاڵەبانی لە جێبایە، بە سەلکە تووریک بمانگۆڕێتەوە، ( ئەرێ بەڕاست بیرم

نەچۆتەوە ئەو چوارسەد پارچە زەوییەی لە کۆیە داتە تورکەکان، چی بەسەرهات؟ کردیان بە خانوو؟ بوو بە گەڕەک؟ ئەی دەبێت بەشار؟ نەمووت ئەگەر لێیان بسەنیتەوە، قیروسیا ئەبم بە جەلالی، بەرێزتان پشتتان بەوە بەستووە، کورد زوو زوو شتی بیر دەچێتەوە، ئەگینا چ نەتەوەیەک لەو هەموو ترشاندنانەتان خۆش دەبێت؟!! چەپڵە بۆ هەموو بەرگە نوێکانتان لێدەدات؟!! من لەو بارەیەوە کوردنیم، وەک بالۆرە ئەیگرم بەدەمەوە، هیچم بیرناچێتەوە، هەر دەبێت بزانم کامەیە ئاکامە پیرۆزەکانی{ شۆڕشی نوێی گەلەکەتان}.... هەمووی بەرگە نوێیەکەی پاشایە.)
دەی کوێربێ وەتەن بە عیلم و فەن!!!!

## تێبینی

ئەم نووسینە پێشکەشە بەو گەلۆرەی، لە دانیشتنەکەی لەندەنی بەریتانیا بە قسەکانم تەنگە گرتی و کەفیچەن، فەرموو کاکی گەلۆر دژی ئەم نووسینەش شەکرێک بەردەرەوە، با (دێگەڵەت نیشاندەم چەند ماڵە) ئەگەر لە دەمچەورەکان نەبوویتایە لێت خۆشدەبووم. ناوت ناهێنم بالەوەزیاتر قەپۆزتان چەورنەکەن. یان بە لنگەوقووچی و بە بەرگەنوێ یەکەی پاشاوە نەچیتە مێژووووەوە. چونکە بەو جۆرەش بە ئێوەمانانی ڕەوا نابینم.

05/10/3